مەندەلاوی و حەلبوسی تاوتوێی میکانیزمەکانی سەرخستنی یەکەم دانیشتنی پەرلەمان دەکەن

موحسین مەندەلاوی، سەرۆکی هاوپەیمانی ئەساس، ئەمڕۆ پێنجشەممە، لەگەڵ محەمەد حەلبوسی، سەرۆکی حیزبی تەقەددوم، تاوتوێی میکانیزمەکانی سەرخستنی یەکەم دانیشتنی پەرلەمانی کرد بۆ تەواوکردنی بونیادی دەستووریی دامەزراوەی یاسادانان.

نووسینگەی مەندەلاوی لە ڕاگەیەنراوەکدا کەدەستی ئاژانسی هەواڵی موتەیع کوتووە، ڕایگەیاند: موحسین مەندەلاوی سەرۆکی هاوپەیمانی ئەساس، لە میانی پەشوازیکردنی لە محەمەد حەلبوسی سەرۆکی حیزبی تەقەددوم تاوتوێی پێشهاتەکانی دیمەنی سیاسی کرد، هەروەها باس لە هەنگاوەکانی پاڵپشتیکردنی ئەو گفتوگۆیە کرا کە لەنێوان هەزە نیشتمانییەکاندا هەیە بۆ ئەنجامدانی ئیستیحقاقە دەستووریەکان بەپێی چوارچێوە کاتییە دیاریکراوەکان، لەگەڵ میکانیزمەکانی سەرخستنی بەستنی یەکەم دانیشتن - بە خولی شەشەمی پەرلەمان لە ڕۆژی ٢٩ی کانوونی یەکەمی ئەم مانگدا.

بەپێی ڕاگەیەنراوەکە، هەردوولا جەختیان کردەوە لەسەر گرنگیی ئامادەکردنی کەشێکی سیاسیی گونجاو بۆ بەستنی دانیشتنەکە؛ بە مەبەستی تەواوکردنی بونیادی دەستووریی دامەزراوەی یاسادانان، بەشێوەیەک کە

بگونجێت لەگەڵ داواکارییەکانی قەناعی ئەستا و خزمەت بە بەرژەوەندیی بەرای نیشتمانی بکات، هەروەها چەکردنەوەی هەوڵەکان بە یەکخستنی دیدگای هەزە نیشتمانییەکان، بە خێراکردنی پەکهەنانی حکومەت.

هەروەها جەختیان کردەوە لەسەر پەویستیی بەهێزکردنی سەقامگیریی سیاسی و ئەمنی، و پشتیوانیکردنی ڕەوەو دەستووری و یاساییەکان، و چەسپاندنی پرەنسیپی هاوبەشیی نیشتمانی و هاریکاریی بنیاتنەر، بەجۆرێک کە زەمینە خۆش بکات بە قەناعەکی نوێ کە ناونیشانەکەی هاریکاری و کاری هاوبەش بێت بە خزمەتکردنی وڵات